### ئافرەتێکی بەرگدروو باسی سەرکەوتنەکانی بۆ گوڵان دەکات:

# "توانیم بە داهاتی کارەکەم بژێوی خێزانەکەم بە زیادیشەوە دابین بکەم"

ژمارەی ئافرەتانی کورد کە لە هەوراز و نشێوی ژیاندا پەنایان بۆ ئیرادەی بەرزی خۆیان بردووە، کەم نییە، هەرکام لەوانەش بیرەوەری و ئەزموونی تایبەت بە خۆیان هەیە، زۆر جاریش بوونەتە سەرمەشق بۆ خزم و هاوڕێ و کەسانی دەوروبەریان، یەکێك لەو ئافرەتانەش باسی سەرکەوتنەکانی بۆ گوڵان دەکات و، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئافرەتێك کاتێك دێتە مەیدانی کار، پێویستە هەرگیز رەخنە و تانەلێدان لە کارەکەی ساردی نەکاتەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی





فەوزیە کاکەوەیس، ناسراو بە (فەوزیە خەیات) ئافرەتێکی دانیشتووی شاری سلێمانییە و تەمەنی ٤٨ ساڵە و دایکی شەش منداڵە، وەك خۆی باسی دەکات، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خولیا و ئارەزووی کاری دروومانی هەبووە و، هەر لەمبارەیەوە دەڵێت: «لە تەمەنی ١٣ و ١٤ساڵی دەستم بە کاری دروومان کرد، هەمیشە یارمەتی و رێنماییم لەسەر وردەکاریی برین و دروومانم لە دایکم وەردەگرت، چونکە ئەو شارەزاییەکی باشی لەو کارە هەبوو، هاوکات خوشکێکیشم بەرگدروو بوو، منیش وردە وردە دەستم پێکرد و، دوای شەش مانگ فێری دروومانی هەموو جۆرە جلوبەرگێك بووم، سەرەتا جلی خۆمانم دەدووری، ئێستاکەش جگە لە خوشکەکەم براژنێکم و دوو برازام خەیاتن، دەتوانم بڵێم بە خانەوادەیی ئەو کارەمان هێناوە و تا ئەمڕۆش بەردەوامین، تەنانەت جلی بووکێنی کچەکەمم بە خۆم دووری کە خوارەوەکەی ١١ مەتر بوو.»

کاتێك پرسیاری ئەوە لەو بەرگدرووە دەکەین، کە ئایا پاڵپشتی سەرەکیت لە بوارە کارەکەتدا کێ بووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: «جگە لە دایکم، هاوسەرەکەشم زۆر پاڵپشتی کردووم و یەکەم دیاری دوای هاوسەرگیریمان کە بۆی کڕیم، مەکینەیەکی دروومان بوو، لە جۆری پەپوولە.» گوتیشی: «کاتێك منداڵەکانم ورد بوون، کاتێك قوتابیی زانکۆم هەبوو، لە هەموو بارودۆخێکدا لە کارەکەم بەردەوام بووم.»

فەوزیە کاکەوەیس لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «سەرەتا بە مەکینەیەکی پەپوولە» دەستی بە کار کردووە، کە هەرزانترین جۆری مەکینەی دروومانە و دواتر پەرەی زیاتری بە ژمارە و جۆری مەکینەکان دروومان داوە، «بەڵام لە ئێستادا ژمارەی مەکینەکانم لە سەرووی ١٠ مەکینەیە.» هاوکات دەڵێت: «وێڕای ئەوەی کاری دروومان حەز و خولیایە، بەڵام بەشێکی زۆریشی بۆ پەیداکردنی بژێوی رۆژانەیە، ئێمە لە ماڵەوە هەر هەموومان ژیانمان لەسەر ئەو ئیشەیە، کوڕەکانم زۆر هاوکارمن و کچەکەشم دیزاینی جلەکانم بۆ دروست دەکات، یەکێك لەشاگردەکانم برازای خۆمە، دەرچووی زانکۆیە و یەکێکە لە یەکەمەکانی زانکۆ، ئەو زۆر لە من شارەزاترە لەبەر ئەوەی تەمەنی زۆر لە من بچووکترە، هەندێك جار لە ئیشەکان پرسی پێ دەکەم.» ئەو خاتوونە خاوەن کارە، زیاتر باسی کارەکەی دەکات و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «سوپاس بۆ خوای گەورە ئەوەی دەمویست و هەوڵم بۆی دەدا، پێی گەیشتم، وادەزانم هەموو دونیا هی منە کە بەرهەمی ماندووبوونی خۆمم بینی و توانیم بە داهاتی کارەکەمان بژێوی خێزانەکەمان بە زیادەوە دابین بکەم، بە خۆشحاڵییەوە چوار لە منداڵەکانم زانکۆیان تەواو کردووە و یەکێکیشیان ئەمساڵ چوو بۆ زانکۆ.»

فەوزیە پەیامی تایبەتی بۆ خانمان هەیە و بەمجۆرە باسی کرد: «لێرەوە لە رێگەی گۆڤاری گوڵان بەو خانمانەی بێکارن و نەیانتوانیوە ببنە خاوەن کاری خۆیان، دەڵێم ئافرەتێك کە دێتە مەیدانی کار زۆر پێویستە هەرگیز رەخنە و تانەلێدان لە کارەکەی ساردی نەکاتەوە، بێگومان سەرەتای هەموو کارێکیش زەحمەتە و ماندووبوون و سینگفراوانیی زۆری پێویستە، بەڵام هیچ شتێك مەحاڵ نییە، کۆڵنەدان و بەردەوامبوون دەتگەیەنێتە هەموو ئامانجێك، بەداخەوە هەندێك لە خانمان کە دێنە ناو دونیای کار، بەدوای کاری ئاسان و داهاتی باشدا دەگەڕێن، بەڵام تاوەکو ماندوو نەبیت و زەحمەتی نەکێشیت، بەرهەمی کارەکەت نابینیت، بۆیە پێیان دەڵێم: هەرگیز لە ئەنجامدانی کاری قورس و سەخت مەترسن، پێویستە ئافرەت پێش هەموو شتێك بڕوای تەواوی بەخۆی و بە تواناکانی هەبێت، بەتایبەتی کە تاوەکو ئەمڕۆش هەندێك لە پیاوان پێیانوایە ژن تەنیا بۆ منداڵ خستنەوە و کونجی ماڵەوە دروست کراوە.» گوتیشی: «من وەك ئافرەتێك کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لەسەر پێی خۆم وەستاوم و سەربەرزانە کاردەکەم، رووبەڕووی تانەلێدانی زۆر بوومەتەوە، تەنانەت لە پەیجەکەم هەندێك کەس کە ژمارەیان لە چاو ئەو کەسانەی دەستخۆشیم لێدەکەن، زۆر کەمە، قسەی زۆر ناخۆشم بۆ دەنووسن، بەڵام هەرگیز ناتوانن لە کارەکەم ساردم بکەنەوە، چونکە ئەو جۆرە کەسانە ناخیان نەخۆشە و رێزی متمانەبەخۆبوون و مرۆڤبوون ناگرن.»

**جگە لە دایکم، هاوسەرەکەشم زۆر پاڵپشتی کردووم و یەکەم دیاری دوای هاوسەرگیریمان کە بۆی کڕیم، مەکینەیەکی دروومان بوو**

**وادەزانم هەموو دونیا هی منە کە بەرهەمی ماندووبوونی خۆمم بینی و توانیم بە داهاتی کارەکەمان بژێوی خێزانەکەمان بە زیادەوە دابین بکەم**

**پێویستە ئافرەت پێش هەموو شتێک بڕوای تەواوی بەخۆی و بە تواناکانی هەبێت**



# وێڕای قەیرانی دارایی نەشتەرگەریی جوانکاری، خواستی زۆری لەسەرە

**بە پێی وتەی پزیشکانی پسپۆڕی نەشتەرگەریی جوانکاری، نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری بۆ رەفاهیەتن و پێویستییەکی زەروری نین، لەگەڵ ئەوەشدا کە نرخیان گرانە و تێچووی زۆرە، بەڵام سەرباری ئەوەش بووەتە دیاردە و خوازیاری زۆرە و تەنانەت چینی کەمداهاتیش بە رێژەیەکی بەرچاو ئەو نەشتەرگەرییانە ئەنجامدەدەن. تەنانەت لەگەڵ ئەو قەیرانە داراییەی کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە خانمان بەردەوامن لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری و فیلەر و بۆتۆکس و تاتۆ، ئەوان وەك خۆیان باسی دەکەن خەمی گەورەیان لووتیانە، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان سەبارەت بەو دیاردەیە راو سەرنجی خۆیان دەخەنە روو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«خوشکەکەم کرێچی بوو، مێردەکەی کرێکاری دەکرد، کەچی خوشکەکەم کە ژنی ماڵەوەیە بە قەرز و قۆڵە چوو بۆ ئێران و کەپووی خۆی عەمەلیات کرد.» ئەوە قسەی شەونم نانەکەلی بوو، وەك خۆی باسی دەکات لە شارەوانیی هەولێر فەرمانبەرە و لە درێژەی قسەکانیدا سەبارەت بە هۆکارەکانی نەشتەرگەریی جوانکاری دەڵێت: «بەداخەوە لە ناو ژنان ئەگەر کەپووت تەجمیل نەبێت و لێوت فیلەر نەبێت، بە کەسێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرست هەژمار دەکرێیت، وەك باسم کرد ئەو خوشکەی من کەس نەما پارەی لێ قەرز نەکات بۆ عەمەلیاتی کەپووی، لە کاتێکدا هیچ عەیبی نەبوو، ئێمە بە خانەوادە کەمێك کەپوومان گەورەیە و ئەوەش شتێکی زۆر سەیر نییە، بەڵام خوشکم بۆ خۆی کردبوویە مەراق و دوای نەشتەرگەرییەکەشی، ئێستاش رارایی و دوودڵییەکەی دوو هێندە بووە و، دەڵێت دەچمەوە بۆ لای دکتۆرەکەم لەبەر ئەوەی کەپووم شۆڕ بوویتەوە، بەڵام هاوسەرەکەی رێگەی ئەوەی پێ نادات و دەڵێت هێشتا قەرزی جاری رابردووم نەداوەتەوە.»

**خوشکەکەم ژنی ماڵەوەیە و مێردەکەی کرێکاری دەکرد، کەچی بە قەرز و قۆڵە چوو بۆ ئێران و کەپووی خۆی عەمەلیات کرد**

د. هونەر دڵزار پسپۆڕی نەشتەرگەریی جوانکاری و سووتان، سەرەتا باسی گرانیی نرخی نەشتەرگەریی جوانکاری دەکات و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هۆکاری گرانیی نرخی نەشتەرگەری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەوا نەشتەرگەرییەکانی جوانکاری نەشتەرگەرییەکە بۆ رەفاهیەت، واتا پێویستییەکی حەتمی بۆ ئەنجامدانی نییە، لەبەر ئەوە پزیشك و نەخۆشخانە و لایەنە بەرپرسەکانی تەندروستی هاوکاریی کەسەکە ناکەن، لە ئێستاشدا لە کوردستان هەموو جۆرەکانی نەشتەرگەریی جوانکاری داواکارییان لەسەرە، لەوانە نەشتەرگەریی لووت، بەرزکردنەوەی برۆ، جوانکردنی پێڵووی چاو، بچووککردنەوەی کەرش و جوانکاریی جەستە و لەشولار بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها هەموو جۆرە نەشتەرگەرییەکی جوانکاریی سووتان داواکاری لەسەر هەیە و، ئێمە لە سەنتەرەکەمان هەموو جۆرە نەشتەرگەرییەکی جوانکاریی سووتان بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر ئەنجام دەدەین.» وەك ئەو پزیشکە باسی کرد، «تەنانەت نەشتەرگەریی جوانکاری لەلایەن کوڕە گەنجەکانیشەوە زۆر بووە و سەبارەت بە هۆکارەکانیشی ئاماژە بەوە دەکات کە «زیادبوونی رێژەی دانیشتووان لە کوردستان، زۆربوونی ژمارەی پزیشکانی جوانکاری و زیادبوونی تەکنیك، لە هەموو ئەوانەش زیاتر بەربڵاویی سۆشیال میدیا رۆڵیان لەو بوارەدا هەیە، بەتایبەتی سۆشیال میدیا کە ئەگەر یەکەم هۆکاریش نەبێت، ئەوا گرنگترین هۆکارە بۆ زۆربوونی داواکاری لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری، چونکە خەڵکانێك کە لە سۆشیال میدیا دەردەکەون، پێویستیان بەوە هەیە کە بە شێوەیەکی جوانتر دەربکەون، هۆکارێکی دیکەش لەپاڵ ئەو هۆکارانەی باسمان کرد، زۆربوونی رێکارەکانی جوانکارییە وەکو لێزەر و فیلەر و بۆتۆکس، کە ئەزیەت و ئازاری جەستە نادات.»

**بەداخەوە لە ناو ژنان ئەگەر کەپووت تەجمیل نەبێت و لێوت فیلەر نەبێت، بە کەسێکی دواکەوتوو هەژمار دەکرێیت**

هەڤاڵ عەبدوڵا حەمەد ماستەر لە کلینکەڵ



سایکۆلۆجی، لە رووی دەروونییەوە خویندنەوەو لێکدانەوە بۆ نەشتەرگەریی جوانکاری خانمان دەکات و دەڵێت: «نەشتەرگەریی جوانکاری لە رووی دەروونییەوە کۆمەڵە خوێندنەوەیەکی جۆراوجۆر وجیاوازی بۆ دەکریت، لە رووی سایکۆلۆجی یەکێك لەم خوێندنەوانەی بۆ دەکرێت، زۆربەی ئەو خانمانەی کە نەشتەرگەریی جوانکاریی دەکەن، لە رووی دەروونی و رۆحی هەست بە کەموکورتیی خۆیان دەکەن، جا لەم رێگەوە دەیانەوێت ئەو کورتیی رۆحی و بۆشایی دەروونییە لە رێگای نەشتەرگەی پڕ ببێتەوە، بۆیە بڕیاری ئەوە دەدەن، نەشتەرگەری بۆ روخساریان بکەن. خوێندنەوەیەکی دی بۆ ئەم جۆرە خانمانە ئەوەیە کە روخسار و جەستەی خۆیانیان بەدڵ نییە، بۆیە هەمیشە رەخنە لە روخسار و جەستەی خۆیان دەگرن و خۆیان بە کەسیکیَ ناشیرین لە چاوی کەسانی دیکە دەبینن، بەتایبەتی کاتێك دەچنە بەردەم ئاوێنە هەمیشە نارِازین لە روخساری خۆیان و کۆمەڵێك بیرۆکەی نەرێنی و ئۆتۆماتێکی بە مێشکیاندا دێت و وەك کەسێکی هەراسان و بێزار بە هۆی ئەو فکرە نەرێنییانە کە لە زەیندا هاتووچۆ دەکەن، پەنا دەبنە بەر نەشتەرگەریی روخساریان. خوێندنەوەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەو خانمانە خۆیان بەراود دەکەن بە ئەکتەرەکانی ناو فیلمەکان، دەبینن ئەکتەری ناو فیلمەکان رەنگ و روخساریان جوان و درەوشاوەیە و خۆیان بە کەمتر لە ئەکتەری ناو فیلمەکان دەبینن، بۆیە بە شێوەیەکی خێرا بڕیار دەدەن، جوانکاری بۆ روخساریان بکەن، بەبیَ ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەك بۆ ئەم کارەی خۆیان بکەن. خوێندوەیەکی دیسکەش ئەوەیە کە ئەو جۆرە خانمانە متمانە و کەسێتیان لاوازە بەرامبەر بە خودی خۆیان و بۆیە پەنا دەبنەنە بەر ئەنجامدانی نەشتەرگەریی جوانکاری. هەروەها وەك لاساییکردنەوەشی لیَ هاتووە لە ناو خانمەکان، بۆ نموونە دەبینێت براژنی جوانکاری بۆ لووتی کردووە، ئەویش بڕیار دەدات هاوشێوەی براژنی نەشتەرگەریی لوتی بکات، بیَ ئەوەی هێچ کیشە و گرفتێك لەلووتیدا هەبێت. خوێندوەیەکی دیکە ئەوەیە کە بۆ راکێشانی سەرنجی دەوربەری بەتایبەتی رەگەزی بەرامبەر نەشتەرگەرییەکە دەکات و دەیەوێت کەسانی دەوروبەری پێی بڵێن فلان خانمە شۆخ و شەنگ. هەشن ئەو جۆرە خانمانەی جوانکاری بۆ روخساریان ئەنجام دەدەن، دەترسن لەوەی مێردەکانیان دڵیان بەرامبەریان رەش بێت، بەهۆی ناشیرین بوونی یەکێك لە ئەندامەکانی روخساریان، بۆیە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ روخسار و راکێشانی دڵی هاوسەرەکەی. هەروەها وەك حەز و ئارەزوو و خولیایەك لە ناو مێشکیان دروست بووە، بۆیە دەیانەویَ جوانکاری بۆ یەك لە ئەندامەکانی روخساریان بکەن. هەشن بە هۆی هەڕەشە لەلایەن مێرد، یان خۆشەویستەکەی نەشتەرگەری دەکات، کاتیَ بڵیَ ئەگەر بەم شێوە بیت و گۆڕانکاری لە روخسارت نەکەیت، ئەوە دابڕان و جودابوونەوە روودەدات.» لە کۆتایی قسەکانیشید دەڵێت»پێویستە خانمەکان رێز لە بوونی خۆیان بگرن و بەو شێوەی کە هەن، خۆیان قبووڵ بێت.»

**لەگەڵ ئەو قەیرانە داراییەی کە جیهانی گرتۆتەوە خانمان بەردەوامن لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری جوانکاری وەک خۆیان باسی دەکەن خەمی گەورەیان لووتیانە**

**زۆربەی ئەو خانمانەی کە نەشتەرگەریی جوانکاریی دەکەن، لە رووی دەروونی و رۆحی هەست بە کەموکورتیی خۆیان دەکەن**



# لاوان بۆ ساڵی تازەی ٢٠٢١ خولیا و ئارەزووی جۆراوجۆریان هەیە

**ئامارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ)، ئاماژە بەوە دەکەن کە گەنجان (١٨٪)ی دانیشتووانی جیهان پێك دێنن، بەو پێیە (١.٢) ملیار کەس بە گەنج هەژمار دەکرێن. واش پێشبینی دەکرێت کە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٥ ڕێژەی ٧٢ ملیۆن کەسی دی بکەونە ژێر ئەم پۆلێنەوە. بەپێی پێوەرە دیمۆگرافیەکانیش بێت، توێژی گەنجان زۆرترین ڕێژەی کۆمەڵگەی کوردی پێك دەهێنن، نەبوونی دەرفەتەکانی ژیان و ئەگەرە سنووردارەکان وادەکات لەمپەر لەبەردەم توانا و تەقەلادانیان بۆ پێشەنگیکردنی پرۆسەی پەرەپێدانی وڵاتەکەیان دروست بکەن، لە کاتێکدا گەنج وەکو بزوێنەری گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا هەژمار کراوە، گەنجانی بەشداربووی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خواستەکانیان بۆ ساڵی ٢٠٢١ دەخەنە ڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



ڤینوار فوئاد سدیق:

**لە هەر وڵاتێکدا ڕۆڵی گەنجان ئەکتیڤ نەکرێت، ئایندەی ئەو وڵاتە بەرەو تاریکی مل دەنێت و، گەشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەو وێرانبوون دەچێت**

سەرەتا پارێزەر بەهێز شوان خۆشناو، باسی ئەوە دەکات «گەنج هێزی کۆمەڵگە و نیشتمانە، کۆڵەگەی سەرەکییە بۆ لەسەر پێ وەستانی ئابووریی وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوا، بەڵام گەنجی کورد بێ شوناس و ناسنامەیە، بۆیە سەرباری هەموو خەمەکان ڕاڕایە و هەندێك جار یاخییە». هاوکات دەڵێت: «ئەگەر باس لەخەمە قووڵەکانی نیشتمان بکەین، بێشومار و لەبن نەهاتوون، ساڵی ٢٠٢٠ لەهەموو جیهان ساڵی قەیرانی تەندروستی و ئابووری بوو، لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا قەوارەیەکی دەستوری پڕ کێشەمان هەیە و ناجێگیریی سیاسەت و نائارامیی دەروونی بووەتە میوانی ڕەزاقوڕسی ماڵەکانمان، دەرفەتی نەهێشتووە بۆ داهێنان و کار، ڕەنگە ئەو بۆچوونانەی من بە ڕەشبینی وەسف بکرێت و بچێتە خانەی بەدبینییەوە، بەڵام بەشێکە لە واقیعی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، گەنج خوازیارە ساڵی نوێ ساڵی هاتنەدی خەونەکانی و ساڵی فەراهەمبوونی ژیانێکی سەربەرزانەی بێت و ساڵی دۆزینەوەی کار و ساڵی بڵاوبوونەوەی ڤاکسین و نەمانی پەتای کۆرۆنا و هەموو نەخۆشییەکان


بێت، ساڵی ئاشتبوونەوەی حکومەت و میللەت بێت، ساڵی تەبایی و وڵاتێکی دامەزراوەیی بێت، ساڵی بنکۆڵکردنی راستییەکان و ئاشکراکردنی گەندەڵی و ریسوابوونی گەندەڵکاران بێت، ساڵی ئارامی دەروونی و خۆشگوزەرانی بێت، ساڵی گەڕانەوەی شکۆی تاك بەتاك و نەتەوەی کورد بێت، هیوادارم ساڵی نوێ ساڵی نەمانی تاوان و ساڵی سزادانی خاکفرۆشان و خاکدۆشان بێت، ئەوانە خەون و خولیای منن».

ئێریڤان ئەکرەم قوتابیی ماستەرە و سەبارەت بە هەمان پرس جەخت لەوە دەکاتەوە کە «گەنجان توێژی سەرەکی و بناغەی پێشکەوتن و هێزی کۆمەڵگەن، ئەگەر رێگەیان پێ بدرێت و گرنگی بەو هێز و توانایەیان بدرێت، داهێنەر و خاوەن بیرۆکەی گەورەن، هەر بۆیەش حەزوخولیای گەنجان لە وڵاتدا لە سەرووی هەر شتێکەوەیە، گەنجان هەمیشە کۆمەڵێ حەزوخۆلیا و بیرۆکەی مەزنیان هەبووە، بەڵام تا ئێستا وەك پێویست گرنگی پێ نەدراوە.» هاوکات دەڵێت: «دوای ئەوەی ساڵێکی سەختمان تێپەڕاند بە، هۆی کۆمەڵێك قەیرانی جۆراوجۆر و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئەمڕۆش گەنجان خوازیاری ئەوەن ساڵی نوێ ببێتە ساڵی هاتنەدی حەزو خولیاکانیان، لە ساڵی نوێدا گەنجان خوازیاری بوونی هەرێمێکی ئارام و سەقامگیرن و هەبوون و رەخساندنی هەلی کار و دامەزراندنی پرۆژەی جۆراوجۆرن، جگە لەوەی چاوەڕوانی دامەزراندنن لە حکومەتەکەیان، دوای دەرچوون و تەواوکردنی خوێندن، دەیانەوێت حکومەت یان کەرتی تایبەت پشتگیرییان بکات و لەرووی دارایی و پاڵپشتی بۆ خستنەکاری تواناکانیان هاوکاریان بێت. هەروەها حکومەت کارئاسانییان لە پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ بکات، ئەویش لە رێگەی بوونی سلفەی زەواج و دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە بڕە پارەیەکی گونجاو کە بگونجێت لەگەڵ تواناکانیان. هەروەها گەنجان خوازیاری ئەوەن دەرفەتی زیاتریان بۆ بڕەخسێت لە بەشداریی سیاسەت و بونیاتی حکومەت لە پێناو خستنەڕووی بیروبۆچوونیان و دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی بونیاتی وڵات. هەر کۆمەڵگەیەکیش، یان وڵاتێك بیەوێت پێشکەوتوو و بەهێز و خاوەن وڵاتێکی خۆشگۆزەران و سەقامگیر بێت، پێویستە بەر لە هەرشتێك گرنگی بە توێژی گەنجان بدات و هەوڵی بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی بیرۆکەکانیان و داهێنانەکانیان بدات بۆ ئەوەی وڵاتێکی سەرکەوتووی پێشکەووتوومان هەبێت.»

ڤینوار فوئاد سدیق قوتابیی زانکۆیە و ئەویش رای وایە: «لە هەموو جیهاندا لاوان کاریگەرترین توێژی ناو کۆمەڵگەی خۆیانن، تەنانەت لەنێو هەموو بزووتنەوە و شۆڕشەکانیشدا لاوان دەبن بە خۆڵەمێشەکەی، چونکە وزەو توانایەکی زۆریان هەیە. بەڵام ئەمڕۆ لاوانی ئێمە تا رادەیەکی زۆر پەرتەوازەن و رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی لاوانیش نەیانتوانیوە، رێژەیەکی کەمی خواست و ئارەزووەکانیان بهێننەدی، تەنانەت نەیانتوانیوە لاوان لە رێکخراوەیەکی یەکگرتووشدا کۆبکەنەوە.» گوتیشی: «بڕوامان وایە کە گەنج هێز و توانایەکی لە رادەبەدەری هەیە، بەڵام» بەداخەوە گەنجی کورد ئەمڕۆ بوونی خۆی نادۆزێتەوە و تەواو لەناو کۆمەڵگەدا ونە. چونکە تا ئێستا ژینگەیەکی لەبار بۆ پێگەیاندنی تواناکانی گەنجان دروست نەکراوە، بۆیە تا رادەیەکی زۆر تووشی سەرگەردانی و پەرتەوازەیی و نائومێدی هاتوون. پێویستمان بە دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی هەیە بۆ بنیادنانی تواناکانی گەنجان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێناندا، کە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابووریی هەر وڵاتێکە. لە هەر وڵاتێکیشدا رۆڵی گەنجان چالاك و ئەکتیڤ نەکرێت، ئایندەی ئەو وڵاتە بەرەو تاریکی مل دەنێت و، گەشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...هتد بەرەو وێرانبوون دەچێت.»

شلێر بەهجەت بەرپرسی ناوەندی شێروان مەزن/ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەم جۆرە رای خۆی دەربڕی: «خوازیارین باری ئابووری باشتر بێت، هەلیکار بۆ توێژی گەنجان فەراهەم بکرێت، کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بێت بەرامبەر بە بەغدا، بارودۆخ گونجاو بێت، تا تواناکانمان بۆ خزمەتی کۆمەڵگە بەگەڕ بخەین».

عەبدولکەریم ئیبراهیم چالاکی سۆشیال میدیایە و هێما بۆ ئەوە دەکات: «ئەگەرچی سەرکردایەتیی کورد بە بایەخەوە لە پرسی گەنجی روانیوە، بەڵام گەنجانی کوردستان زۆربەیان دوودڵن لە بەدیهێنانی دوارۆژێکی گەش، هۆکارەکانیشی زۆرن و لەسەرووی هەموویانەوە، نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکی پتەو و جێگر، نەبوونی پلان بۆ دامەزراندن و، نەبوونی بەرچاوڕوونیی لە دوارۆژی کوردستان و سەربەخۆیی وڵات، کێشەکان زۆرن، بەڵام ئومێدی زۆرمان بە کابینەی نۆیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە سەرکردەیەکی گەنج و بەتوانا و بەئەزموون سەرۆکایەتیی کابینەکە دەکات، دڵنیاشین کە کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتیی رێزدار مسرور بارزانی هێز و توانای گەنجان وەگەڕ دەخات و هیوادارین هەلی کار بۆ گەنجان بدۆزرێتەوە.»



شلێر بەهجەت:
**دەخوازین کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە بەغدا بەهێزتر بێت**



بەهێز شوان خۆشناو:
**هیوادارم ساڵی نوێ ساڵی نەمانی تاوان و ساڵی سزادانی خاکفرۆشان و خاکدۆشان بێت**



ئێریڤان ئەکرەم:
**گەنجان خوازیاری ئەوەن ساڵی نوێ ببێتە ساڵی هاتنەدی حەزو خولیاکانیان**



عەبدولکەریم ئیبراهیم:
**ئومێدی زۆرمان بە کابینەی نۆی هەیە، چونکە سەرکردەیەکی گەنج و بەتوانا و بەئەزموون سەرۆکایەتیی دەکات**